# ڕێگای ئازادیو جیابونەوەی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە سیاسیو مەدەنیەکان نەك هەر لای بۆشو بیکەر-هاملتون دەست ناکەون، بەڵکو هەردوولایان سەرکوتی دەکەن

## گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم

**ئۆکتۆبەر/ نزیك بە مانگێکە راسپاردەکانی بیکەر- هاملتۆن بلاوبۆتەوە، بەڵام تا ئێستا جێگای لیکۆڵینەوەو توێژینەوەیە لە نێوەندە سیاسیە جیهانیو ناوخۆییەکانی عێراقو ناوچەکەدا. بەبڕوای تۆ ئەم راسپاردانە چەندە مەترسی لەسەر خەڵکی کوردستانو ئایندەیان هەیە؟ حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەڵێن، ئەم راسپاردانە ئێجگار ئەو بایەخەی نییە کە خەڵکی لێی تۆقیووە، رۆژانە چەندین راپۆرتی لەو بابەتە دەچێتە بەردەم حکومەتی ئەمەریکا.. ئەمانە راسپاردەنو مەرج نییە جێبەجێبکرێن.. یان تاڵەبانی دەڵێت بوش بە تەلەفۆن منو بارزانی لەوە دڵنیاکردۆتەوە کە تا لەسەر حوکم بێت هیچ کارێك ناکات کە "دەسکەوتەکانی کورد" کەمبکاتەوە. تۆ لەمبارەیەوە دەڵێیت چی؟**

سامان کەریم: دروست وایە، ئەم ڕاپۆرتە بۆتە جێگای لیکۆڵینەوەو توێژینەوەی نێوەندە سیاسیەکانی جیهانو ناوخۆییەکانی عێراقو ناوچەکە تا ئێستا مشتو مڕی زۆری لەسەر دەکرێت. چونکە یەکەمجارە ڕاپۆرتێکی گرینگی ئەمەریکی ئاماژە دەکات بە حەقیقەتی فەشەلو شکستی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەو عێراقدا. ڕاپۆرتو ڕاسپاردەکان بە ئیدارەی ئەمەریکی دەڵێن بەسە! ئیستراتیژیو سیاسەتی ئەمەریکا لەعیراقو ناوچەکەدا فاشلەو لەمبارەوە ئەلتەرناتیڤێکی دیکە دەهێنێتە پێشەوە کە جیاوازییەکی هیجگار زۆری هەیە لە سیاسەتو ئیستراتیژی راگەیەندراوی تا ئێستای ئەمەریکا، بەتایبەت لەدوای روداوەکانی 11ی سێپتەمبەرەوەو بەمپێیەش گشت ئیستراتیژی ئەمەریکا کە خۆی لە "نیزامی نوێی جیهانی" لەئاستی جیهانیداو "ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە " لە ناوچەکەدا دەبینەوە ڕوبەرووی ناکامی بۆتەوەو کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەم خالەیە کە گرینگی دەدات بەم ڕاسپاردانە. بەلام لەهەمانکاتدا چەند خالێکی دیکە هەن کە پێویستە ئاماژەیان پێبکەین، لەوانە: ئەمە یەکەمجارە لەماوەی 16 ساڵی ڕابوردودا هەردوو حزبی جمهوریو دیموکراتی ئەمەریکا پێکەوە ڕیکەوتون لەسەر سیاسەتو ئیستراتیژیەتێك بۆ عێراقو ناوچەکە، یان بەشێوەیەکی ڕۆشن تر بلێم سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە تا ڕادەیەکی زۆر هاوران لەسەری، ئەمە خاڵێکە کە گرینگیەکی بەرچاو دەدات بەم ڕاپۆرتە. هەروەها پێش بلاوبونەوە ئەم ڕاپۆتەو وا بۆ 3 ساڵ دەدەچێت کە ڕۆشنە سیاسەتی شەرخوازی ئەمەریکاو داگیرکارییەکەی لە عێراقدا ڕۆژبەڕۆژ ڕووبەڕووی ناکامیو فەشەل بۆتەوە.

ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، بەبروای من چ سیاسەتەکانی تا ئێستای بۆش وە چ سیاسەتێك کەلەم ڕاسپاردانەدا هاتوە هەمان ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانیان لە خۆدا هەڵگرتوە. من جیاوازیەك لەم نێوەدا نابینم لەباری ناوەرۆکەوە. خەتەرێك کە ئەم ڕاسپاردانە پێشنیاری دەکات، ئەوەیە کە خەلکی کوردستان نەك تەنها مافی بڕیاردانی چارەنوسی سیاسی خۆیان نیە، بەڵکو لەوە بەولاوەتر، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە ڕیگای سەرکوتو زەوتکردنی مافەکانیانەوە تەسلیم دەکاتەوە بە دەوڵەتێکی مەکەزی کۆنەپەرستی ئیسلامی- بەعسی لە بەغدا. بەهەمان شیوە سیاسەتەکانی تا ئیستای ئیدارەی بۆش کە ڕیگای گرتوە لە خەلکی کوردستان کە مافی بریاردانی چارەنوسی سیاسی خۆیان هەبێت. بۆیە خەڵکی کوردستان لەم نێوەدا لە روانگەی راسپاردەکانو ئیدارەی ئێستای ئەمەریکاشەوە هیچ حسابیك بۆ بەرژەوەندیو خواستەکانیان نەکراوە. خواستی زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستان، بەرپاکردنی رفراندۆمێکی گشتیو ئازادە بۆئەوەی جیاببنەوەو دەوڵەتیکی سەربەخۆ پێك بهێنن. ئەم خواستە لای بیکەر-هاملتونو لای بۆشیش سەرکوت کراوەو ریگای پێنەدراوە. بۆیە ڕیگای ئازادیو جیابونەوەی کوردستان وبەدەستهێنانی مافە سیاسیو مەدەنیەکان لای بۆشو بیکەر-هاملتون نەك دەست ناکەون، بەڵکو هەردوولایان سەرکوتی دەکەن.

ئەوەندەی بگەریتەوە بۆ یەکێتیو پارتیو راگەیاندنەکانی بارزانیو تاڵەبانی، پێویستە بەشێوەیەکی رۆشن خەلکی کوردستان بەرژەوەندی ئەوان لەگەل بەرژەوەندی خۆیان جیابکاتەوە. ئەوان دەڵێن ئەم راسپاردانە هیچ نینو ملزم نین پێوەیو راپۆرتیکە وەك چەندین راپۆرتی تر، دەڵێن قسەمان لەگەڵ بۆش کردوەو وتویەتی من بڕیار دەدەم هەروەك بارزانی لە کۆبونەوەی 12/26 پەرلەماندا ئاماژەی پێکرد. بەلام بەم قسانە نەك خەلکی کوردستان بەلکو ئەندام پەرلەمانەکانی خۆشیان کە بەلیستی حزبی خۆیان بونەتە ئەندام پەرلەمان بۆ قانع ناکریت. پێش راسپاردەکان ئەوە رۆشن بوو کە ناسیونالیزمی کورد لەچوارچیوەی سیاسەتی ئەمەریکادا وەرەقەیەکی دۆراوەو بەقەولی هاوولاتی "مایەپوچ" دەرچوون. ئەوان وا دەڵێن چونکە بەرژەوەندییان لەوەدایە کە وابلێن. بەلام باسی جێەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ خەڵکی کوردستان زۆر پێش دەرچونی ئەم ڕاسپاردانەو لەگەڵ داگیرکاری ئەمەریکادا بۆعێراق دەستپێکردوە، هەر ئەوکات تەنانەت پێش دەستپێکردنی شەڕ ، ئەمەریکا بەڕۆشنی سیاسەتی خۆی ڕاگەیاندبوو کە

عێراقێکی یەکپارچەی دەوێت، هەر ئەمە کافییە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بزانێت کە ئەمەریکا هەرگیز لەگەڵ بەرژەوەندی ویستو خواستی ئەواندا نەبوەو ئەم ڕاسپاردانەش هەر هەمان شت دەڵێت، بەشێوەیەکی تر. بە خیلافی قسەکانی بارزانیو تاڵەبانی، بۆ هەردوو حزبی دەسەلاتدارو بۆ شەخسی خۆشیان، جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە، پێشوەخت وە پێش دەرچونی ئەم ڕاپۆرتە دەمێکە دەستپێکردوەو بەسەر خۆیاندا جێبەجێکراوەو خۆشیان جێبەجێیدەکەن. نمونەکانی ڕۆشنن، ساڵی داهاتوو کە چەند ڕۆژێکی ماوە، بریار بوو کە کەرکوك بگێردریتەوە سەر هەرێمی کوردستانو ئەمەیان لە دەستوریشدا نوسیوە، بەلام نەك هیچ نەکراوە بۆئەم مەسەلەیە، بەلکو هەردەستی دەستیان پیدەکەنو خۆشیان هیچ ئاسۆیەکیان لەمبارەوە بۆ ڕۆشن نیەو تەنانەت بارزانی نەیتوانی مژدە بداتە دکتۆرە شوکریە کە کەرکوك لەساڵی 2007دا دەگەرێتەوە بۆ سەر هەرێم. بریار بوو نەوت لەکوردستان خۆیان سەرپەرشتی بکەن، لەمبارەشەوە وا دەرنەچوو، تەنانەت خودی فیدرالیەتەکەیانو نیزامی فیدرالی لەعێراقدا هیچ ئاسۆیەکی بۆ جێبەجیکردن لەبەردەمدانیە... بۆیە بەبراوی من راسپاردەکانی بیکەر —هاملتون دەمیکە ڕێچکەی جێبەجێکردنی گرتۆتە بەرو تەنانەت هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان بەشێوەیەك لەشیوەکان خەریکی جیبەجێکردنی ئەو راسپاردانەن. سەرنج بدەنە گێرانەوەی بەعسیەکانو ئەفسەرە پایە بەرزەکانی سوپای عێراق، تەماشای پەیوەندی ئیستای نیوان سوریاو عیراق وکردنەوەی بالویزخانەکانیان بکەن، سەرنج بدەن لە تەحالوفاتی تازە، سەرنج بدەن لە هەلسوکەوتی حکومەتی سوریا. بۆیە کەس چاوەریی کەس ناکاتو هەر هیزە بەپێی جیگاو ریگای خۆی بەهرەبەرداری سیاسی خۆی دەکاتو کاری پیدەکات باسەکە ئەوەنیە کە بۆش جێبەجیدەکات یان نا. باسەکە ئەوەیە بۆش رازی بیت یان نا ئەندامانی کۆنگریسی ئەمەریکی دەچنە سوریاو مقابلەی بشار الاسد دەکەن... ڕۆشنە بۆشو ئیدارەکەی پەلەقاژەدەکەن وبەتەواوی دان نانێن بە چەوتی سیاسەتەکانی خۆیانداو لەمبارەوە حەتمەن ئەوانیش کاریك دەکەن هەروەك دەیبینین، لە فەلەستین لەخلالی ئەبو مازنەوە دەیانەویت حەماس لاببەن لەدەسەلات لە لوبنان دەیانەویت نفوزی حزبوالله کەم بکەنەوەو فشاری زیاتریان خستۆتە سەر ئیرانو دەیانەوێت فشارەکانیان زیاتریش بکەن لەسەری، لەعیراق فشاریان خستۆتە سەر رەوتی صدر، بەگشتی ئەمەریکا دەیەوێت نفوزی جمهوری ئیسلامی ئێران لە عێراقو ناوچەکەدا کەم بکاتەوە.. دەیانەوی بەرەیەکی تازەی نیوان "شیعەو سوننەو کورد "پێك بهێنن. بەلام لەولاشەوە عەلاوی خەریکی جێەجیکردنی راسپاردەکانی بیکەر-هاملتونەو بەم پێیەش وێلاشی نێوان هاوپەیمانی کوردستانیو عەلاوی پچرا.. لەمبارەوە دەکریت ئالوگۆرە سیاسیەکان باس بکەین کە هەمویان فاکتو بەچاو دەبینرین.... بەبروای من باسی تالەبانی وبارزانی ئەوەیە کە راستیەك لە خەلك بشارنەوە، لەپیناو ئەوەی رقو کینەی خەلك هەلنەستێت، ئەوان 16 ساڵە بەخەلك دەلێن فیدرالیو ماددەی 58و دواتر ماددەی 140 و بەمبۆنەشەوە پاساو دەهێننەوە بۆ پێش لەشکریان بۆ ئەمەریکا. دەلین کەرکوك بۆسەر هەریم دەگەریتەوەو بۆئەمەش وایان دەزانی ئەمەریکا پشتیوانیان لێدەکات. ئیستا وا ئاسان نیە کە گەردنی خۆیان لەسیاسەتی 16 سالەیان پاك بکەنەوە. خەڵکی بە ئاسانی رازی نابیت لێیان. وەکو فەرهەنگی ناسیونالیزمی کوردیش ئەوان تا ئیستا فەرهەنگی ئەوەیان نەبوە دان بنین بەراستیەکانو بەهەڵەی سیاسەتەکانیانداو بۆیەك جار بگەرێنەوە بۆ رەئی خەلکی کوردستان.

**ئۆکتۆبەر/ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هەڵوێستی سیاسی خۆی لەسەر ئەم راسپاردانە لە بەیانێکدا ڕاگەیاندوەو وەکو چەندین لایەنی دیکەی نێو دەسەلاتی بەغدا و ئۆپۆزیسیۆنی ئەوان ئەم ڕاسپاردانە رەت دەکاتەوە. لەمبارەوە دەکرێت ڕۆشناییەك بخەیتە سەر ئەم هەڵویستە چونیەكو لەهەمانکاتدا جیاوازە؟!**

سامان کەریم: وەکوو لە وەلامی پرسیاری پێشودا ئاماژەم پێدا هەر هێزە بەجیا لەوەی مەوقعیەتی لەدەسەڵاتدا هەیە یان ئۆپۆزسیۆنە، دەیەوێت بەهرەبەرداری سیاسی خۆی لەم ئالۆگۆڕانە بکات. هەر ئەوکارەی کە ئێستا بۆشو بارزانیو تاڵەبانیو حەکیمو تا ئاستێکی کەمتر تارق هاشمی خەریکن دەیکەن ئەویش بەهرەبەرداریە لەو راسپاردانە بەلام بە ئاراستەی پێچەوانەوە. واتە سیاسەتێکە لە چوارچیوەی پەلەقاژەکانی بۆشدا، سیاسەتێکە دەیەوێت بەلەمی نیوە غەرق بوو لەنیو شەپۆلی دەریادا رزگار بکات بۆ بردنە پێشەوەی ملهوری ئەمەریکاو دان پێدانەنانی هەڵە سیاسی وکوشندەکانی خۆی. ئیدراەی بۆش دەیەوێت بەم هێزانەوە وەزعی مەوجود، بەشێوەیەك نیشان بدات، کە بوارێکی تێدایە بۆ رزگار بوون، بۆیە ئەگەر "شیعەو سوننەو کورد" تحالفیك پێك بهێنن لە روانگەی ئاغای بۆشەوە بە ڕووی سپیەوە لەم تەنگژەیە رزگاری دەبێت. کە ئەمەش هەمان پرۆسەو سیاسەتێکە کە 4 ساڵە بە رێکەوتوەو عێراقی دەرگیرکردوە لەگەڵ گەورەترین مەئساتو کویرەوەریدا... بۆ ئیدارەی بۆش کە تا ئێستا ڕاگەیاندنی خۆی نەداوە لەسەر ئەم ڕاسپاردانەو بۆ ئەو هێزانەش کە لە دەسەلاتدان لە بەغداو ڕەفزی راسپاردەکان دەکەن، پاراستنی وەزعی مەوجودە بۆ پاراستنی هەیبەتو دەسەلاتی خۆیان. ئینسانو خواستو هیواو بەرژەوەندییەکانی چ لە ئاستی کوردستاندا یان عیراقدا بۆئەوان نە مانای هەبوە وە نە هەیەتی وە نە بەهایەکی هەیە. گرینك ئەوەیە دەسەلاتی خۆیانو کۆمپانیاکانی خۆیان ئاشەکەی بگەرێت، جا ڕۆژانە کوشتن لەسەر هەوییەی تائیفیو کوشتن بەهۆی ئۆتۆمۆبیلی موفەخەخەوە ژمارەیەکی با هەر هەلبکشێت لای ئەمان نەك موشکلەیەك نیە، بەڵکو خێرەکەی بۆ ئەوان لەوە دایە.

بۆ ئێمە ناوەرۆکی مەسەلەکە بەتەواوی لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوەیە. بۆ ئیمە ئینسان وە خەڵکی کوردستانو عێراقو بەرژەوەندیو خواستو هیوا ئینسانیەکانیان، مەبنای تیڕوانیینو سیاسەتو کارکردی ئیمە پێك دەهێنێت. هەر بۆیە ئەم ڕاسپاردانە، وە سیاسەتەکانی تا ئێستای ئیدارەی بۆشیش، بەهەمان شێوە ڕەتدەکەینەوە جێگای ئیدانەی توندی ئێمەیە، چونکە کۆنەپەرستانەنو دژ بە ویستو خواستی خەلکی عێراقو کوردستانن. ئیمە رەفزو ئیدانەی ئەم ڕاسپاردانە ناکەین، بۆ ئەوەی وەزعی مەوجودو دەسەلاتی میلیشیایی ئێستای بەغدا بەردەوام بێت، بەڵکو دەمانەوێت لەهەناوی ئەم ئالۆگۆرە سیاسیانەی کە هەر ئێستا لە ئارادایەو بەردەوام گۆرانیان بەسەردا دێت، تا ئەو جێگایەی پێمان دەکریتو لەتوانای ئێمەدا کارێك بکەین بە قازانجی خەلکی کوردستانو عێراق و تواناکانی خۆمان لەپێناو کۆتایی هێنان بەداگیرگاری ئەمەریکاو ناکامکردنەوەی سیاسەتو کارکردەکانی ئیسلامی سیاسیو دابینکردنی ئەمنیەت دا بخەینە گەڕ.

**ئۆکتۆبەر/ لە کوردستان لە بەرانبەر ئەم ڕاسپاردانەی بیکەر- هاملتۆندا، شەپۆلێکی نارەزایەتی فراوان لە ئارادایەو لەم نێوەدا چەندین کەمپینو کۆمیتەو لیژنەی جیاواز پێکهاتون. سەبارەت بەم جولانەوەو چالاکیە سیاسیانە هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چیەو ئیوە چی دەلێن بەخەڵکی کوردستان؟!**

سامان کەریم: نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بەم ڕاسپاردانە بەرحەقە. بەلام ئەمە ناتوانێت وەلامی تەواوی ئێمە بیت بەم پرسیارە. هەمیشە نارەزایەتیە جەماوەرییەکانو تەنانەت هەستانو ڕاپەرینەکان لەلایەن ئێمەوە ناکریتو نابێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مۆری تەئیدیان لێبدرێت. باسی ئێمە ئەوەیە نارەزایەتی بەرانبەر بەچی؟ وە کام خواستو داواکارییانە یان کام ئەلتەرناتیڤە بۆتە سەر لەوحەی خەباتی خەڵکی نارازی؟ لەوەلامی ئەم دوو پرسیارەدا دەکریت ئێمە هەلویستی خۆمان ڕۆشن بکەینەوە. لەسەر بەشی دووەمی پرسیارەکەی ئیوە، واتە کەمپینو کۆمیتەو لیژنەکانو ئیمزا کۆکردنەوەکان کە بەرێکەوتون لەکوردستانو لەدەرەوە. من پێم وابیت تەواوی ئەو کەمپینو ئیمزا کۆکردنەوانەو لیژنەو خۆپیشاندانەکانی کە کراوە تا ئێستا دژ بەم ڕاسپاردانە کە دیارە لەنێویاندا کەمپینو کۆمیتەی جۆراوجۆرهەیە کە رەخنەگرن لە سیاسەتەکانەی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان، بەلام بەگشتی لەچوارچێوەی هەمان سیاسەتو کارکردی یەکێتیو پارتیدا دەسورێنەوە هەرکارێك بکەن ڕاستەوخۆ بە قازانجی دەسەلاتو سیاسەتی ئەوانە. چونکە ئەم کەمپینو لیژنەو چالاکیانە، هەموویان داوای گێرانەوەی هەلومەرجی پێشوو دەکەن. هەلومەرجێك کە تیایدا یەکێتیو پارتی ماوەی 16 ساڵە خەڵکی کوردستان بەلارێدا دەبەنو خواستەکانی زەوتو سەرکوت دەکەن، هەلومەرجیك، کە هەمان ویستو خواستی پارتیو یەکێتییە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140وە بگرە تاکو دەگاتە جێبەجیکردنی فیدرالیەت... هەموو ئەمانە هەرکەسو لایەنێك بەهەر شێوەو مانایەك خەباتیان بۆ بکات دەچێتە گیرفانی یەکێتیو پارتیەوە، چونکە کورسی ئەم خواستو ویستانە دەمێکە ئەوان تاپۆیان کردوەو گیراوەو کەسی دیکە ناتوانیت ببێت بەخاوەنی، ئەمە دەبێت ڕۆشن بێت. بەلاّم لایەنی گرنگتر ئەوەیە کە ئایا لەراستیدا خواستی ماددەی 140و فیدرالیەتو دەستوری شەقو شڕو کۆنەپەرستی عێراق، خواستی خەلکی کوردستانن، وەتەنانەت خواستی ئەو کەسانەن کە لەم کەمپینو چالاکیانەدا بەشداری دەکەن؟ من دەلێم نا، کۆسپی سەرەکی خەڵکی کوردستانوخواستەکەی ڕۆشنە. ئەوان دەلێن کۆسپمان ئەوەیە تا ئێستا چارەنوسی سیاسیمان رۆشن نیەو دەبێت جیاببینەوەو دەولەتێکی سەربەخۆمان هەبێت.بە بڕوای من گشت خواستو ویستی خەڵکی کوردستان دەکرێت بەم شێوەیە بەیان بکەین: جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێك کە دین بەتەواوی جیابیت لە دەولەتو پەروەردەو خویندن، کە ئینسان تیایدا مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی مسۆگەر بێت، کە ئینسان تیادا لەسەر پایەی شوناسنامەی هاوولاتی بوون پێناسە کرابیت، نەك لەسەر پایەیی کوردو تورکمانیو ئەرمەنیو ئاشوریو شیعەو سوننە. دیارە بۆ جیابونەوەی کوردستان پێویستمان بە بەرپاکردنی رفراندۆمێکی گشتیو ئازاد هەیە بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستان بە کەرکوك ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکەشەوە.

بانگەوازی من بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە بێنو خەباتی خۆیان یەکگرتوو ریکخراو بکەن لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا لە پێناو خواستی سەرەکی خۆیاندا، خواستی بەرپاکردنی رفراندۆمێکی گشتیو ئازادو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی غەیرە قەومی. وە بۆ هەموو ئەو کۆمیتەو لیژنانەش کە دەیانەوێت کارێك بکەن بۆخەڵکی کوردستانو بەرژوەندییەکانی ئەوان بپارێزن، ئەوەیە کە بێن لەدەوری خواستی خەڵکی کوردستان خەباتی خۆیان یەکگرتوو رێکخراو بکەن، لەجیاتی کۆمیتەو کەمپینو لیژنەکان بۆ خواستی فیدرالیەتو جێبەجێکردنی ماددەی 140، کۆمیتەو لیژنەو کەمپینی جۆراوجۆر پێك بهێنن لە پێناو بەرپاکردنی رفراندۆمێکی گشتیو ئازاد بۆ خەڵکی کوردستان. ئەگەر نا ئەو کارەی تا ئێستا کردویانە، وەك هەمان کاریك وایە کە خەڵکیان بانگەواز دەکرد بڕون بۆ دەنگدان لە پێناو "کورد"دایە. کە دواتر بۆ خۆشیان ڕۆشن بوەوە کە دوای هەڵبژاردنەکانو دەرچونی لیستی 730 ، نەك هیچ بەخەڵکی کوردستان نەبڕا، بەڵکو زیاترو زیاتر مەحروم بوو لە ئاوو کارەباو سوتەمەنیو چارەنوسی سیاسیەکەشی بە زۆرو فریودان خرایەوە ژێر دەسەلاتی کۆنەپەرستترین دەسەلاتی ناوچەکە.

ئیمە بەخەڵك دەلێین، فرسەتەکان کەم بوونەتەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە، کە خەڵکی نارازی کوردستان خەباتی خۆی یەکگرتوو ڕیکخراو بکاتوبێتە سەر شەقامەکانو بلێت "بەلێ بۆ رفراندۆمو جیابونەوەی کوردستان". هەر ئێستا ئیمە لە دەرەوەو ناوەوە خەریکی بردنە پێشەوەی ئەم ڕێگایەینو بۆ ئاگاداری خوێنەرانی ئۆکتۆبەر، لە دەرەوەی

وولاتو له ڕۆژانی 5و6ی مانگی کانونی دوەمدا، له چەندین وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا، کۆمیتەکانی حزب لەو وولاتانە خۆپیشاندانی جەماوەری ساز دەکەن دژ بە ڕاسپاردەکانی بیکەر –هاملتون، بەلام لەدەوری خواستی "نا بۆ بۆش، نا بۆ بیکەر-هاملتون، بەڵی بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان".